**بیرەوەرییەکانی خۆم"جەعفەر مەردانبەگی" :**



ئەم خۆشەویستانە هەر کەس بە بیرەوەریی خۆیان لە سەر وەرزشی بۆکان بە تایبەت فوتباڵ دوان. لێرەدا بە پێویستم زانی لەسەر بیرەوەرییەکانی خۆشم وەک کەسێک کە لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ هەڤالانی هاوگەڕەک و هاوکلاسی دەستمان بە وەرزش کردوە، بدوێم. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی یازدە و دوازدە ساڵەی خۆم. لە ساڵی ١٣٤٥ ی هەتاویی تیمێکمان پێک هێنا بە نێوی تیمی زەڕین، کە لەو بەری جوگەی بەربەردان لە زەویە وێنجەکەی حاجی بابە خانی کەریمی و بە ئیزنی خۆی یاریمان لەسەر دەکرد.





وێنەی دەستی راست، لە راستەوە: خالید مەردانبەگی، برایم زەرین، رەحمان ئەبازەری

وێنەی دەستی چەپ، لە راستەوە: رەحمان ئەبازەری، سەفا فەرەج زادە، عوسمان کاوەیی، خالید مەردانبەگی، دانێشتوو:لە چەپەوە: کەریم نەجاری، تاهیر غوڵامعەلی، کەماڵ نەزەری و نادر شەهسەواری



تیمی حەسەن زیرەک لە سەر گۆڕی نەمر حەسەن زیرەک، تێبێنی: بەرگە وەرزشییەکان لە تیمی پاس بە ئەمانەت وەرگیرابوون. وێنە گر؛ فەرامەرز مەلک پوور



لە راستەوە: ئەحمەد عەبدۆڵلاهی، برایم کەدخودا، خالید قوڕەیشی، خالید مەردان بەگی، جەعفەرمەردان بەگی

جگه له تەمرینی رۆژانه له پشودانی ئاخری حەوتوودا واته رۆژانی هەیینی کێبەرکێمان ساز دەکرد. هەر حەوتوویک لەگەڵ تیمێکی گەڕەکەکان وەکوو گەڕەکی قوله و گەڕەکی سەلاخانه و گەڕەکی قەبران و... یاریمان دەکرد.

جار و بار له سەر ئەوەی که به تۆپی ئێمه، یان به تۆپی ئەوان یاری بکەین، کێشەمان لێ پەیدا دەبوو. له کۆتاییدا دەهاتینه سەر ئەو بڕیاره که نیوەی تایمی یارییەکه به تۆپی ئێمه و نیوەی دووهەمی یارییەکه به تۆپی ئەوان یاری بکەین. بەڕاستی مەسەلەی کڕینی تۆپ و بەرگی وەرزشی کێشەیەکی گەوره بوو، چونکه دەبوایه به پارەی خۆمان جێ به جێمان کردبایه. هەموو حەوتوویەك هەر کەسەو دو قڕانمان کۆودەکردەوه بۆ کڕینی تۆپ و بەرگی وەرزشی. جارجارەش له لایەن باوکان یان خزمەکانەوه تۆپ یاخود بەرگی یارییان بۆ دەکڕین.

زۆری پێ نەچوو تیمەکه گەوره بۆوه و ناومان نا حەسەن زیرەک و وەدوای زەوییەکی گەورەتەر کەوتین. له مەرحوومی قاسم ئاغا ئیزنمان وەرگرت له خوارووی ئاشی خانم له پەنا باخچەکەی حەمه رەسووڵی (گڵێنه) شافعی یاری بکەین. دوای ماوەیەک بیستمان که میدانی تازەیان له پەنا ناڵشکێنه ساز کردووه و پێیان راگەیاندین که بچین لەوەێ یاری بکەین، بەڵام بەهۆی دوور بوون له ماڵەوه، ئیزنی یاری کردنمان لەوێ نەبوو. تا رۆژێك کاک ئەحمەد سامبەگی و کاک مەحمود حیسامی هاتن و پێ یان گوتین بۆ بەشداری له کاپی ناوچەکان دەتوانن نێوتان بنووسن و لەمەولا هەر له میدانی فوتباڵ دەبێ یاری بکەین. هەروەها بەڵێنییان داینێ که ئیزنی دایک و باوکان مان بۆ وەربگرن. هێندێک له دۆستان رەزامەندیان نیشان نەدا. چەند رۆژێک تێپەڕ بوو، بەیانییەکی زوو یەکێک له دۆستان به پەله پێی راگەیاندین که به تەراکتۆر خەریکی کێڵانی زەوی فوتباڵەکی ئێمەن. که چووین و دیتمان، له شۆفیری تەراکتۆرەکەمان پرسی که به دەستووری کێ ئەم کاره دەکات، گوتی به دەستووری مەشەدی رەحیم ئاغا. زەوییەکه له ئیجارەی ئەو دایه و به نیازه یەرەڵماسی تێدا بچێنێت. پاشان هیچ رێگایەکمان بۆ نەماوه و لەسەر رەزامەندی دایك و باوکمان روومان له مەیدانی ئەسڵی فوتباڵ کرد.

کێبەرکێ دەستی پێ کرد و هەوەڵین یاریمان لەگەڵ تیمی لاوانی پاس بوو که به یارییەکی زۆر جوان و رێك و پێك، سێ به دو بردمانەوه.



تیمی حەسەن زیرەک: راوەستاوان لە چەپەوە: جەمشید عەلیار( داوەر)، مەرحووم هاشم کۆچەرێ(داوەر)، مەرحووم عوسمان کاوەیی، خالید مەردانبەگی، جەعفەر مەردانبەگی، جەعفەر نۆوبەخت، ئەحمەد رەحمانی، عومەر بەسری، رەحمان حاجی غەفووری، بەهاالدین محەمەدی، کەمال حەبیب زادە، کەماڵ نەزەری، ئەنوەر مەردانبەگی، ئەمجەد مەردانبەگی، عەلی دەهبەندی. تیمی لاوانی پاس: دانیشتۆان لە چەپەوە: عوسمان دەرویشی، ئەنۆەر عەبباسی، جەعفەر کەریمی، عوسمان شتری، ئەحەد ساڵەحی، ئەبوبەکر مەسعودیان، کەریم شەریفی، خالید ساڵح زادە، عەزیز بەهرامی، رەحمان ئەبازەری، براخاس وێنەگر: فەرامەرز مەلک پوور

زۆر لەوەپێش بۆکان تەنیا یەک تیمی هەبوو بەناوی تیمی مونتەخەب واتە هەڵبژاردراوی شار. بە هۆی زۆر بوونی یاریکەر دو تیمی پرسپۆلیس و پاس دروست بوون. من چوومە ناو پرسپۆلیس لە ژێر چاوەدێریی ئیدارەی تەربیەت بەدەنی بە راهێنەریی کاک فاررووق ئیلخانی زادە. خالید مەردان بەگی برام چۆوە ناو تیمی پاس بە سەرپەرەستیی شارەوانی (پۆلیس). سەرجەم لە چوار تیمدا واتە "لاوان"، "ئامۆزەشگاهی"، "مونتەخەب" و پرسپۆلیس، یاریم کەردوە.



کێبەرکێی ئاموزەشگاهی لە شاری ورمێ: راوەستاو لە چەپەوە: خالید مەردان بەگی، برایم وەلیزادە، عوسمان کاوەیی، جەمشید عەلیار، جەعفەر مەردان بەگی، دانیشتووان لە راستەوە: حەسەن سوڵتانیان، هاشم چابوک



تیمی پرسپۆلیس: له چه‌په‌وه: مه‌رحووم عوسمان کاوه‌یی، خالید قوڕه‌یشی، حه‌سه‌ن سوڵتانیان، فارووق ئیلخانی زاده، باقی بهیار، مه‌رحووم عومه‌ر عه‌زیزنژاد، جه‌عفه‌ر مه‌ردان به‌گی، مه‌رحووم مه‌حمه‌د ره‌حمانی، مه‌رحووم برایم وه‌لیزاده، ساڵه شێرمحه‌مه‌دی، دانیشتوان له راسته‌وه: جه‌مشید عه‌لیار، عه‌زیز فه‌رامه‌رزی، مه‌رحووم هاشم کووچه‌ری، هاشم چابوک، مه‌رحووم ئه‌حمه‌د عه‌بدولاهی            وێنه‌گر: فه‌رامه‌رز مه‌لک پۆور







خالید و جه‌عفه‌ر مه‌ردان به‌گی، جه‌مشید عه‌لیار و جه‌عفه‌ر مه‌ردان به‌گی، خالید قوره‌یشی، جه‌عفه‌ر مه‌ردان به‌گی



تیمی پاس، 1355 ی هەتاوی          وێنەگەر : فەرامەرز مەلەک پوور

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە لایەن تیمی پاس لە مەرحوومی کاک عومەر عەزیزنیژاد و خۆم(جەعفەر مەردانبەگی) داوایان کرد بە ئیزنی تیمی پرسپۆلیس یاریان بۆ بکەین.

راوەستاو لە چەپەوە: جەمشید عەلیار(داوەر)، برایم مەلامەحمودی، میهرپەیما(داوەر)، جەعفەر کەریمی، خالید مەردانبەگی، عومەر عەزیزنیژاد، برایم کەدخودا، سەروان ئاریانفەر، جەعفەر مەردانبەگی، رەحمان ئەبازەری.

دانیشتووان لە راستەوە: کەمال نەزەری، عوسمان شتری، رەحمان حاجی نیژاد، مەرحووم ئەحمەد عەبدولاهی، عیسا سروشان، حوسێن عەباس زادە(داوەر)، ئەنۆەر مەردانبەگی.

لە بنەماڵەی ئێمەدا کراوەییەکی زۆر هەبوو و هیچ کات بۆ بەشداریکردن و خزمەت بە شارەکە لە بوارە جۆراوجۆورەکاندا بەرگرییان لێ نەکردوین. تەنانەت زۆر هاندەریشمان بوون و جگە لە چالاکی هونەری وەک دەنگخۆشی و شانۆگەری، هەر شەش براکانم و تەنانەت ئامۆزا و پوورزاکانیشم، لە وەرزشی بۆکان دا چالاک بووین. بە خۆشیەوە لە لایەن چین و توێژی لایەنگرانی فوتباڵەوە ڕێزمان لێ دەگیرا و بۆ وێنە ئەگەر ئیشی لای بەرگ دروو، یان پینەچی یان دارتاشمان بووایە زۆر جار بێ پارە بۆیان ئەنجام دەداین.

بیرەوەرییەکی خۆش: ئەوکات تلەفیزیۆن نەبوو و کێبەرکێی وەرزشی بە تایبەت فوتباڵ و زۆرانبازی تەنیا لە رێگەی رادیۆ تاران بڵاودەکراوە ئەویش بەدەنگی وێژەری بە توانا عەتا بەهمەنش. لە بیرمە لە کێبەرکێی بۆکان و ورمێ، بەڕێزان کاک مینە شێرخانی و کاک عەزیزی برام، لە هەر چوار گۆشەی مەیدان بڵێنگۆویان دامەزراند بوو و یاریەکەیان بە شێوەیەکی پیشەیی، بە نێو هێنانی یاریکەران و ئانالیزەی یاریەکە، لەناو مەیداندا گوزارش دەکرد، کە بۆ ئەوکات و ئەو سەردەمە لە خۆیدا شتێکی جوان بوو.